# Annual Scientific Activities Report
# College of Science, Salahaddin University-Erbil
# Academic Year (2024–2025)
# راپۆرتی ساڵانەی چالاکییە زانستییەکان – کۆلێژی زانست
# (2024–2025)

## Scientific Activities Committee

College of Science -
Salahaddin University-Erbil



# ڕاپۆرتی ساڵانەی چالاکییە زانستییەکان – کۆلێژی زانست
# (2024–2025)

# Annual Scientific Activities Report

## College of Science, Salahaddin University-Erbil

**Academic Year 2024–2025**


**نووسینی :**

**پ.د.عبدالکریم یاسین کریم/ ڕاگری کۆلێژی زانست**

**پ.ی.د. شیدا انور کاکل/ بەرپرسی لیژنەی چالاکییە زانستییەکان**

## پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە کورتەیەک لە چالاکییە زانستییەکان (سیمینار، پانێل، ۆرکشۆپ ، کۆنفرانس) دەخاتەڕوو کە لە سەر ئاستی کۆلێژی زانست (زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر)، لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤- ٢٠٢٥ دا لەلایەن لیژنەی چالاکییە زانستییەکان(Scientific Activity Committee) و لە ژێر چاودێری ڕاگری کۆلێژ ئەنجامدراون ، ئەم چالاکییانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی ژینگەی ئەکادیمی کۆلێژ ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆلێژ سەکۆیەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەرەنجامی توێژینەوەکانی سەردەم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاستەنگە ئەکادیمییەکان دابین دەکات. هەروەها ئەم چالاکییانە دەرفەتی بە نرخ بۆ قوتابییان و ستافی کۆلێژ دەڕەخسێنێت بۆ بە دەستهێنانی کارامەیی نوێ کە بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی لە ناو پۆلدا ئەنجام دەدرێت. بانگهێشت کردنی وتاردەری دەرەکی و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان دیدگای تازە دەهێنێت و ئاسۆی فیکری بەشداربووان فراوانتر دەکات. جگە لەمانەش ئەم جۆرە چالاکییانە هاندەری تۆڕی ئەکادیمی و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە کانی تر توێژەران  لە ئایندەدا بنیات دەنێت. وەبۆ قوتابیان پێشکەش کردنی کارەکانیان و بەشداریکردن لە گفتوگۆکان متمانەی دروست بنیاد دەنێت و ئامرازی پەیوەندیکردنیان بەهێزتر دەکات و تواناکانی سەرکردایەتییان بەرەو پێش دەبات، هەروەها بەبەشداربوونیان لەم جۆرە چالاکییانە وا دەکات ئەزموونی کارەکانیان (سیڤییەکانیان) بەهێزتر بکات و ئامادەیان بکات بۆ ئاڵنگارییەکانی جیهانی ڕاستەقینە.

سیمینار و سیمپۆزیۆم و وۆرکشۆپەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە باشترکردنی ڕیزبەندی زانکۆکان، بەمەش کۆبوونەوەی ئەکادیمی و بەشدارییکردنی چالاکییە جیهانییەکان ڕەنگدانەوەی ژینگەیەکی ئەکادیمی زیندوون  و ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە  پابەندن بە هاوبەشکردنی زانیاری و داهێنان.

## ڕۆڵ و ئەرکە سەرەکییەکانی لیژنەی چالاکییە زانستییەکان لە کۆلێژی زانست

لیژنەی چالاکییە زانستییەکان لیژنەیەکی بنەڕەتییە لەناو کۆلێژی زانستدا کە ئەرکی هەماهەنگی و ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی چالاکییە زانستییەکانە لەناو کۆلێژ. ئەم لیژنەیە لە ژێر چاودێری ڕاگری کۆلێژ بەڕێز (پ.د.عبدالکریم یاسین کریم) بە سەرپەرشتی (پ.ی.د.شیدا انور کاکل) وە لەگەل پێنج ئەندامی بەڕێز: (پ.ی.د. ڕۆژگار یوسف عمر)، (م.چریسکە نورالدین احمد)، (م. ازێن صبحی عبدالرحمن)، (م. کارزان نوری صالح)، بەڕێز (باوان محمود صۆفی )لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ دا ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی زۆر باش ئەنجام دا، سەرەرای سوپاس و پێزانین بۆ ئەو بەڕێزانەی هاوکار بوون بەتایبەت یاریدەدری ڕاگر بەڕێز (د. شەنگ زیاد عبدالقادر ) وە سوپاس بۆ قوتابیان کە هاوکارێکی  باش بوون بۆ پێشوازی کردن لە میوانان و سوپاس بۆ هەموو لایەک کە هاوکار بوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم چالاکیانە لە کۆلێژی زانست.

ئەرکە سەرەکییەکانی لیژنەکە بریتی بوو لە ڕێکخستن و ئامادەکاری و پلان و جێبەجێکردنی چەندین بۆنەی جۆراوجۆری وەک (سیمپۆزیۆم، سیمینار، پانێل) لیژنەی چالاکییەکان  ئەرکی ڕێکخستنی بۆنە گەورەکان و نێودەوڵەتییەکانیشی وەک (کۆنفرانس ، وۆرک شۆپی نێودەوڵەتی) بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە گرتبووە ئەستۆ، وە بە هاوکاری ڕاگری کۆلێژی زانست توانیویەتی  وتاردەری دەرەکی و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان بانگهێشت بکات. ئەم بۆنە زانستییانە

سەکۆیەکی گرنگ دەڕەخسێنن بۆ هاوبەشیکردن لەسەر پرۆژەی توێژینەوەکان و دروستکردنی تۆڕێکی یەکگرتوو و هاوکاری لە نێوان زانست خوازانی ناو بەشە جیاوازەکانی کۆلێژەکە، سەرەڕای ئەم کارانەش قوتابیان یارمەتیدەرێکی باشی بوون لە کاتی ڕێکخستنی بۆنەکاندا پێشوازی میوانانیان دەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی گرنگی لیژنەکە پێشکەش کردنی ڕێزلێنانان بوو بە بەشداربووان هەر بۆیە بۆ یەکەمجار لیژنە لەسەر ئاستی کۆلێژ شێوازی کۆدی دانا بۆ وەرگرتنی بروانامە بۆ بەشداربووان بۆ کارئاسانی کردنیان، هەروەها لیژنەی چالاکی زانستی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا لە بەرەو پێش بردنی ئەرکی زانستی دامەزراوەکە.




**Asst. Prof.Dr.Shaida Anwer Kakil**
د. شیدا انور کاکل
**بەرپرس**
**Department of Physics, College of Science**
**Specialization: Condensed matter physics /Nanoscience**





**Asst. Prof.Dr. Rozgar Yousif Omar**
د. رۆژگار یوسف عمر
**ئەندام**
**Department of Mathematics, College of Science**
**Specialization: Cognition, Morphology**





**M. Chreska Nooraldin Ahmed**
م.چریسکە نورالدین احمد
**ئەندام**
**Department of Biology, College of Science**
**Specialization: Medical Parasitology**





**M. Azheen Subhi Abdulrahm**
م.اژین صبحي عبدالرحمن
**ئەندام**
**Department of Biology, College of Science**
**Specialization: Histology**





**M. Karzan Noori Saleh**
م.کارزان نوری صالح
**ئەندام**
**Department of Physics, College of Science**
**Specialization: Radiation Oncology**






**Bawan Mahmud Sofi**
باوان محمود صۆفی
**ئەندام بەرپرسی**
**ڕاگەیاندن**
**College of Science**

## ڕاپۆرتی چالاکییە زانستییەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤—٢٠٢٥

لە ماوەی ئەم (٢٨) هەفتەیەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤—٢٠٢٥ دا، لیژنەی چالاکییە زانستییەکان توانیویەتی چەندین چالاکی زانستی جۆراوجۆر بە سەرکەوتووی ڕێک بخات ، زۆربەی چالاکییەکان لە نێوان دوو زانکۆ یان دەزگا یان ڕێکخراو ئەنجام دراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی زانیاری و دروستکردنی تۆڕێکی ئەکادیمی و سەکۆیەک بۆ هاوبەشیکردنی توێژینەوە و گەڕان بەدوای پرۆژە هاوبەشەکاندا دابین دەکات، لە هەمان کاتدا پەیوەندی نێوان هاوبەشییە دامەزراوەییەکان بەهێزتر دەکات. چالاکییەکان لەگەڵ (زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک و ڕێکخراوی کەی ساین، زانکۆی ئیستەرن پیدمۆنت - ئیتاڵیا زانکۆی هەولێری پزیشکی ، ڕێکخراوی جیۆپارکی کوردستان، زانکۆی سۆران ، دەزگای خێرخوازی بارزانی، ڕێکخراوی هەسار بۆ زەوی، ڕێکخراوی هەسار بۆ زەوی و زانکۆی ئیستەرن، زانکۆی پاڤیا ، زانکۆی بۆلۆنیا ، زانکۆی هەولێری بزیشکی، زانکۆی سۆران، زانکۆی نورسن ئەریزۆنای ئەمریکی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی RNTAوCIMPA ، فەرمانگەی ژینگەی هەولێر)بوون، سەرەڕای ئەمەش هەر لە ناو کۆلێژ چالاکی بە هاوبەشی لە نێوان بەشی زانستی زەوی و نەوت و بەشی زانستی ژینگەو تەندروستی بەشی بایۆلۆجی ئەنجامدراوە.

چالاکییەکان بە شێوەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

- سیمینار :57.6% —کەزۆرترین جۆری چالاکی ئەنجامدراوە و ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری ئامادەبووان.
- ۆرکشۆپ .:19.2% —کە پێک هاتبوو لە وۆرکشۆپی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.
- کۆنفرانس :3.8% —کە پێک هاتبوو لە کۆنفرانسی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.
- سیمپۆزیۆم :7.7% —کە پێک هاتبوو لە سیمپۆزیۆم نیشتمانی و نێودەوڵەتی.
- هەر چالاکیەکی تر :11.5% —کە پێک هاتبوو لە مەراسیم و پانێل.



## چالاکی یەکەم/سیمیناری یەکەم



### دەزوولە DNA ی جینۆمی کوردستان: یەکگرتوویی لە ڕابردوو و لە داهاتوو

لەلایەن بەڕێز (د. شاخەوان خالد مولود) پێشکەش کرا لە ڕۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠٢٤/٩/٢٣ کاتژمێر ١٠:٠٠ بەیانی بەکاتی هەولێر لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک. لەم سیمینارەدا ١٠٥ کەس بەشداربوون کە ٨٠٪ مامۆستایانی کۆلێژی زانست بوون و ١٥٪ لە مامۆستایانی زانکۆکانی تری کوردستان بوون ٥٪ بەشداربووان قوتابیان بوون و ئەم سیمینارە گرنگی تایبەتی هەبوو بۆ هەردوو لایەنی زانستی و کەلتووری نەتەوەی کورد، بە تایبەتی لە بابەتی یەکگرتنەوەی DNAی کوردان کە فکرەیەکی نوێ دەدات بۆ تێگەیشتن بە مێژووی جیناتی و کەلتووری نەتەوە. هەروەها گرنگ بوو بۆ:

- پشکنینی و ڕەشنووسی جینۆمی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی زانستی .
- دروستکردنی بنچینەیەکی بەرز بۆ توێژینەوە و پەرەسەندنی نەخۆشییە جیناتییەکان.
- یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و تەکنەلۆژیکی لە کوردستان.

## چالاکی دووەم/ وۆرکشۆپی یەکەم



### وۆرکشۆپی حەوت کارامەی ژیان

لەلایەن بەڕێز (م. کارزان) پێشکەش کرا کە بەڕێزیان مامۆستای زانکۆن و ئەندامی دەستەی کارگێری و بەڕێوبەری پلان و پرۆگرامەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانین ئامانجی سەرەکی فێرکردن و ڕوونکردنەوەی حەوت بنچینەی گرنگی ژیان بوو کە گرنگی زۆری هەبوو بۆ مامۆستایان و قوتابیان، چونکە ئەم وۆرکشۆپە پەیوەندیدارە بە بنەمای تایبەتی ژیان لەوانە (تەندروستی، خێزان و پەیوەندیی، خوێندن و گەشەپێدان، کار ، ڕێکخستنی دارایی، باوەڕ و مانای ژیان). ئەم وۆرکشۆپە گرنگ بوو بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی قوتابیان ڕێنمایی بکەن بۆ ژیانێکی هاوسنگدار و باشتر. هەروەها قوتابیان دەتوانن ئەم زانیاریانە بەکاربێنن بۆ سەرکەوتن لە هەردوو قۆناغی خوێندن و ژیانی کۆمەڵگا. بەشی دووەمی کاتژمێر ١٠:٤٥ خوولەک دەستپێکرد کەپەیوەست بوو بە کارامەیی گەنجان و ناساندنی نامیلکەیەک دەربارەی وانە و بەشەکانی کۆلێژی زانست کە لەلایەن چەند قوتابییەکی خۆشەویستی کۆلێژەکەمان ئامادەکرابوو ، نزیکەی ١٣٠ کەس لە مامۆستایان و قوتابیان بەشداربوون لەم وۆرکشۆپەدا ١٥٪ لە مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین پێکهاتبوون.

## چالاکی سێیەم/ سیمیناری دووەم



## بەکارهێنانی ئاگرکوژێنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگر لە ماڵ و شوێنی کار

لە رۆژی یەک شەممە، بەرواری ٢٠٢٤/١٠/٦ کاتژمێر١٠ی بەیانی بەکاتی هەولێر لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست لەلایەن بەرێز (د.مەهدی خێری ئەسود) پێشکەش کرا کە بەرێزیان دکتۆرای هەیە لە جیۆلۆجیای نەوت و راهێنەری نێودەوڵەتییە لە بواری نەوت. لەم سیمینارەدا ١٠٥ مامۆستای زانکۆ بەشداربوون کە هەموویان مامۆستایانی کۆلێژی زانست بوون. پێشکەشکار لەسەر پاراستنی ماڵ و شوێنی کار لە ئاگر بە شێوەیەکی زانستی وتووێژی کرد، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کەدەتوانرێت بەئاسانترین شێوە لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ مەترسی ئاگر کەم بکرێتەوە لەسەر گیانی هاوڵاتیان.

## چالاکی چوارەم/ وۆرکشۆپی دووەم



## پاراستنی رابردوو، بەردەوامیدانی داهاتوو

ئەم وۆرکشۆپە لەلایەن بەرێزان (پ.ی د.رزگار عبدالکریم عەبدولا) مامۆستایە لە زانکۆی سۆران وە بەرێز (م. عیرفان شعبان ئەسعەد) مامۆستا لە کۆلێژی زانست پێشکەش کرا لە بەرواری ٢٠٢٤/١٠/٩ کاتژمێر١٠ی بەیانی بەکاتی هەولێر لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست وۆرکشۆپێک بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی جیۆپارکی کوردستان و بەشی زانست و زەوی ونەوت بوو، لەم وۆرکشۆپە دا ١٦٠ مامۆستا بەشداربوون کە ٨٠٪ مامۆستایانی کۆلێژی زانست بوو ٢٠٪ مامۆستایانی کۆلێژ و زانکۆکانی تر بوون .



### ئامانج و گرنگی وۆرکشۆپەکە

١-ناساندنی ئەم رۆژە وەک یادکردنەوەیەکی جیهانی بۆ پاراستنی زەوی.

٢-ئاشناکردنی توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ بە چەمکی نوێی زانستی وەک جیۆتۆریزم و جیۆدایڤێرستی.

٣- گرنگی گەشتوگوزاری گەشتیاری و جیۆپارک بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئابووری و گەشتیاری و کلتووری کوردستان.

## چالاکی پێنجەم/ سیمیناری سێیەم

## چۆن ئەکادیمیا دەتوانێت لەگەڵ حکومەتدا کار بکات



ئەم سیمینارە لەلایەن بەڕێز (هەڵگورد شیخ نجیب) پێشکەش کرا کە بەڕێزیان ماستەری هەیە لە زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی تەکنەلۆجیای چالمێرز لە سوید وە دامەزرێنەری قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی کامبریج لە کوردستان لە ئێستا دا سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە، وە نزیکەی ١٠٧ کەس لە مامۆستایانی کۆلێژی زانست بەشداربوون لەم سیمینارە کە لە بەرواری ١٣-١٠-٢٠٢٤ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست بەڕێوەچوو ئەم سیمینارە بەرزترین سەرچاوەیە بۆ دروستکردنی پلەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەکادیمیا و حکومەت وە بە تایبەتی لە بواری سیاسەت سازی و زانستی و گەشەپێدان.

## چالاکی شەشەم/ سمیناری چوارەم

## شارەزابوون لە پرۆژەکانی توێژینەوە ، ڕێنماییەکی گشتگیر بۆ مامۆستایان



لەلایەن بەڕێز ( پ.د کەمال مصطفى محمود ) پێشکەش کرا کە بەرواری ( ٢٠٢٤/١٠/١٥ ) نزیکەی ١٠٧ کەس لە مامۆستایانی کۆلێژی زانست بەشداربوون ٨٥٪ بەشداربووان لە کۆلێژی زانست بوون ١٥٪ مامۆستایانی کۆلێژەکانی تری زانکۆی سەلاحەددین بوون، بە شێوەیەکی گشتی ئەم سمینارە سوودی هە بوو بۆ:

- بەرزکردنەوەی ئاشنایی مامۆستایان لە پرۆسەی توێژینەوە.
- ڕێنمای بۆ چۆنێتی نووسین و بەڕێوەبردن و بڵاوکردنەوەی پرۆژەی توێژینەوە بە شێوەیەکی فەرمی و زانستی.
- هەروەها چەند ڕێنماییەک پێشکەش کرا بۆ مامۆستایان سەبارەت بە چۆنێتی بەشداری کردنی قوتابییان لە فێستیڤاڵ و کۆنگرە زانستییەکان.

## چالاکی حەوتەم/سیمیناری پێنجەم



### دەرمانی گیایی: خۆراک یان دەرمان- لێکۆڵینەوە لە سوودە دووانەییەکانیان

ئەم سیمینارە لە بەرواری ٢٠٢/١٠/٣٠ کە لەلایان بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (بدر قادر سورچی) پێشکەش کرا نزیکی ١٦٠ کەس لە مامۆستایان بەشداربوون ٧٠٪ بەشداربووان مامۆستایان بوون لە کۆلێژی زانست ٣٠٪ مامۆستایانی کۆلێژ و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بوون. ئەم سیمینارە ئامانجی فێرکردن و ئاگادارکردنەوە و بەهێزکردنی هۆشیاری مامۆستایان و قوتابیان و توێژەرانی بواری زانست و پزیشکییەکان بوو کە چۆن بە شێوەیەکی دروست دەرمانە گیاییەکان بەکاربهێنن هەروەها ناساندنی تەواوی زانیارییە نوێیەکان دەربارەی دەرمانە گیاییەکان و پیشاندانی ئەوەی کە چۆن دەتوانن بە شێوەی خواردن یان وەک دەرمان بەکاری بهێنن. دروستکردنی دەرفەتێک بۆ لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە نێوان مامۆستایان بۆ پرۆژەی گونجاو وە فێربوون لەسەر بەکارهێنانی دەرمانە گیاییەکان بە شێوەی سەلامەت و کاریگەر بۆ پاراستنی تەندروستی کەس کارو و خێزان.

## چالاکی هەشتەم/سیمیناری شەشەم



### بەرەو داهاتوویەکی سەوز تر: ڕۆڵی بایۆپلاستیک لە کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە

ئەم سیمینارە لە بەرواری(٢٠٢٤/١١/٥) کە لەلایەن بەڕێز (م.شیماء هاشم أحمد ) پێشکەش کرا .نزیکەی ١١٤ کەس لە مامۆستایانی کۆلێژی زانست بەشداربوون. ئەم سیمینارە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو لە چوارچێوەی پارستنی ژینگە و چارەسەرکردنی کێشەی گەورەی پلاستیک. توێژینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە پلاستیک یەکێکە لە کێشە سەرەتاییەکان بۆ پیسبوون و خراپ کردنی ژینگە. بایۆپلاستیک وەک جێگرەوەیەکی دۆستانەی ژینگە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە کەمکردنەوەی ئەم کێشەیە ، هەروەها ئەم سیمینارە دەستپێکێکی زانستیی بوو بۆ فێرکردن و ئاگادارکردنەوەی مامۆستایان و توێژەرە زانستییەکان و قوتابیان لەسەر گرنگی بایۆپلاستیک و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زانستیی بۆ داهاتوویەکی سەوز و بەبێ پیسبوونی ژینگە.

## چالاکی نۆیەم/سیمیناری هەشتەم



### سەرکردایەتی گەنجان و گۆڕانی کەش و هەوا

ئەم سیمینارە لەلایەن بەڕێز مامۆستا (گەشبین ئیدریس) ئەندام لە ڕێکخراوی هەسار بۆ زەوی پێشکەش کرا، لە بەرواری ٢٠٢٤/١١/١٢ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست ئەنجام درا نزیکەی ١١٦ کەس لە مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژی زانست بەشداربوون کە ٥٠٪ بەشداربووان قوتابیان بوون مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم سیمینارە هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی گەنجان بوو بۆ بوون بە سەرکردە و پێشەنگ بوون بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەروەها بەهێز کردنی زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ گەنجان و بەرەنگاربوونەوەیان بە گۆڕانی کەش و هەوا.

## چالاکی دەیەم/ سیمپۆزیۆمی یەکەم




### حەوتەمین سیمپۆزیۆمی پەیپەرە نایابەکان

لیژنەی چالاکی ئەرکی ڕێکخستنی لە ئەستۆ گرت سەرەڕای ئەوە یەکێ لە ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە لیژنەی ئامادەکاری ئەم سیمپۆزیۆمە بەشدار بوو، کە بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر و زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک و ڕێکخراوی کەی ساین لە بەرواری ٢٠٢٤/١١/١٦ لە پارێزگای هەولێر لە سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە هۆڵی کۆچەر لە ژێر چاودێری سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەددین بەڕێوە چوو. کە ناوازەترین بۆنەی زانستی بوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق .

لەم بۆنە زانستییەدا، (دە باشترین توێژینەوەی زانستی، چالاکترین توێژەری ئافرەت، گەنج ترین توێژەر) لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دیاریکرا. نزیکی ٢٥٢ کەس لە مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژی زانست بەشداربوون کە ٥٠٪ بەشداربووان لە (زانکۆی پۆلیتەکنیک، زانکۆی کۆیە، زانکۆی دهۆک، زانکۆی ئاکرێ، زانکۆی هەولێری پزیشکی، زانکۆی سلێمانی ، زانکۆکانی تری عێراق ) بوون.



### چالاکی یانزەیەم/سیمیناری هەشتەم

### مۆدێلی ماتماتیک وە بەکارهێنانەکانی ماتماتیک لە ژیان ڕۆژانەماندا



کە لە لایەن بەڕێز دکتۆرە (هێرۆ ویسی سالح)پێشکەش کرا لە بەرواری ٢٠٢٤/١١/٢٦ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست، نزیکەی ١١٦ کەس لە مامۆستایانی کۆلێژی زانست بەشداربوون، پێشکەشکار لایەنە گرنگەکانی ماتماتیکی لە ژیانی ڕۆژانەماندا نیشاندا وە گرنگی ماتماتیک و پەیوەندی کارکردن لەگەڵ زانستەکانی تردا ڕوونکردەوە، هەروەها ئەوەی پیشانی دا کە چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای ماتماتیک دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی کارەکان و کەمکردنەوەی کاتی کارەکان.

### چالاکی دوانزەیەم/سیمیناری نۆیەم

### ڕێبەری نوێی نوسینی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا



کە لە لایەن بەڕێز دکتۆرە( هێرۆ محمد اسماعیل) پێشکەش کرا لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/١٠ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست، نزیکەی ١٠٦ کەس لە مامۆستایانی کۆلێژی زانست بەشداربوون ٢٤٪ بەشداربووانی کۆلێژەکانی تری زانکۆی سەلاحەددین بوون.
پێشکەشکار باس لە ڕێبەری نوێی نوسینی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای کرد هەنگاوەکان و ڕێ و شوێنی نوسین بە شێوەیەکی جوان ڕوون کردەوە، ئەم ڕێبەرە هەڵە و ناهەماهەنگی لە نوسین کەم دەکات و ئاسانکاری بۆ قوتابیان دەکات. ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییانی ماستەرو دکتۆرا سوودیان لەم سیمینارە وەرگرت.

### چالاکی سیانزەیەم/کۆنفرانسی یەکەم

### کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی زانستی کرداری و وزە و ژینگە ICASEE-2025)

ئەم کۆنفرانسە لە ژێر چاودێری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بەڕێوە چوو توێژەران لە بوارەکانی (بایۆلۆجی ، بایۆلۆجی پزیشکی ، کیمیا ، ئەندازیاری کیمیا ، فیزیا ، ماتماتیک ، کۆمپیوتەر ، زانستی زەوی ، نەوت ، ژینگە)




بەشداربوون. كۆنفرانسەكە لە نێوان كۆلێژی زانست لە زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر بە هاوبەشی لەگەڵ كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی تیشكی نێودەوڵەتی بوو كە لە بەرواری ٢٨ - ٣٠/ ١ / ٢٠٢٥ لە سەنتەری ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر بەڕێوە چوو نزیكەی ٢٠٠ كەس لە مامۆستایان و توێژەران بەشدار بوون ١١٠ كەسیش لە بەشداربووان بە توێژینەوە بەژداری ئەم كۆنفرانسەیان كرد.

## چالاكی چواردەیەم / سیمپۆزیۆمی دووەم

### سیمپۆزیۆمی "ڕێبازە داهێنەرەكان لە بەرهەمە سروشتییەكان و توێژینەوەی بایۆپزیشكی



سیمپۆزیۆمەكە بە هاوبەشی لە نێوان كۆلێژی زانست زانكۆی سەلاحەدین و زانكۆی ئیسترن پیدمۆنت - ئیتاڵیا"

لە ڕۆژی پێنج شەممە، بەرواری ٢٠٢٥/٢/١٣ كاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی بە كاتی هەولێر لە هۆڵی كۆنفرانسی بەشی ماتماتیك لە كۆلێژی زانست بەڕێوەچوو ئەم سیمپۆزیۆمە بە كاریگەرییەكی زۆری هەبوو بۆ بەرەوپێشبردنی زانست و توێژینەوە لە بواری بەرهەمە سروشتییەكان و بایۆپزیشكی .
توێژەرەكان ئەزموونی نوێی خۆیان بە مامۆستایان پێشكەشكرد، هەروەها توێژینەوە نوێیەكان لە بایۆپزیشكی و بەكارهێنانی بەرهەمە سروشتییەكان بۆ چارەسەری كێشە تەندروستییەكان وەك یەكێك لە گرنگترین سوودەكانی ئەم سیمپۆزیۆمە خرانەڕوو. نزیكەی ١٢٥ كەس لە مامۆستایان بەشداربوون ٢٧٪ بەشداربووانی كۆلێژەكانی تری زانكۆی سەلاحەددین بوون.



## چالاکی پانزەیەم / سیمیناری دەیەم



### هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەی ڕێژەی دەرچوون:
### ڕێکخستنە ستانداردەکان لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان

لەلایەن بەڕێز دکتۆر (ئەحمد حەسەن ئەحمد) پێشکەش کرا لە بەرواری (٢٠٢٥/٢/١٨) لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست ،سوودی ئەم سیمینارە بۆ مامۆستایانی زانکۆ ئەوە بوو کە یارمەتییانی دا لە هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوە و ڕێژەی دەرچوون بە شێوەیەکی زانستی و ڕوون، وە گرنگییەکی باشی هەبوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ ستاندارتە ئەکادیمیەکان بگونجێ. نزیکی ٩٥ کەس لە مامۆستایانی کۆلێژی زانست بەشداری ئەم سیمینارە بوون.

## چالاکی شانزەیەم/ سیمیناری یانزەیەم



### وۆرکشۆپی نیشتیمانی لەسەر کاریگەری وشکەساڵی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق

لە بەرواری ٢٠/ ٢/ ٢٠٢٥ کە بە هاوبەشی لە نێوان بەشی زانستەکانی زەوی و نەوت کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین و لقی هەولێری سەندیکای جیۆلۆجیانی کوردستان لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست بەڕێوەچووە. سوودی ئەم وۆرکشۆپە بریتی بوو لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان توێژەرەکان و مامۆستایانی زانکۆ لەسەر کاریگەری وشکە ساڵی و هاوبەشی کردنیان لە بەرهەم هێنان و بەشداربوونیان لە ڕێ و شوێنە ستاندارتە نوێیەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم وۆرکشۆپە یارمەتیدەر بوو بۆ بەرزکردنەوەی توانا و کارامەیی توێژەرەکان و نیشاندانی هۆکارکانی وشکە ساڵی و وە چارەسەرە نوێ و گرتنەبەری ڕێ و شوێنە تایبەتییەکان بۆ پاراستنی ژینگە. نزیکەی ١٥٥ کەس بەشدار بوو واتا ٪٨٠ بەشداربووان کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین بوون ٪٢٠ بەشداربووان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بوون.



## چالاکی حەڤدەیەم/ سیمیناری دوانزەیەم

## گینۆمیک و نەخۆشی و پەتاناسی میکرۆبەکان و بایۆئینفۆرماتیک



که بە هاوبەشی لە نێوان کۆلێژی زانست زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی هەولێری پزیشکی و زانکۆی نورسن ئەریزۆناێ ئەمریکی ڕۆژی دووشەمە لە بەرواری ٢٠٢٥/٢/٢٤ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست بەڕێوەچوو، ئەم وۆرکشۆپە گرنگییەکی زۆری هەبوو لە بوارەکانی توێژینەوەی زانستی (گینۆمیک و نەخۆشییەکان و پەتاناسی میکرۆبەکان). وۆرکشۆپەکە فێرکارییەکی گرنگ بوو بۆ مامۆستایان و توێژەران و قوتابیانی بواری زانست و پزیشکی، هەروەها گەورەترین هەلی فێربوونی دابین کرد بۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش یارمەتییەکی باش بوو بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی پزیشکی و دروستکردنی بەستەری بەڕێوبەر بۆ کارە توێژینەوەییەکان و فێرکارییەکانی داهاتوو. نزیکەی ١٣٤ کەس بەشداربوون ٪٥ بەشداربووانی دەرەوەی وڵات بوون ٪١٠ بەشداربووان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بوون.



## چالاکی هەژدەیەم/ وۆرکشۆپی سێیەم

## مەشقی هاوینە: ڕێنماییەکان بۆ پەرەپێدانی کارامەیی و گەشەکردنی پیشەیی



بەشی یەکەمی وۆرکشۆپەکە لەلایەن بەڕێزان پ. د. (قارەمان مامە خضر کۆیی ) سەرۆکی لیژنەی مەشقی هاوینە، م. ی. (چریسکە نورالدین احمد) بڕیاردەری بەشی بایۆلۆجی پێشکەش کرا وە بەشی دووەمی وۆرکشۆپەکە سیمینارک بوو لەلایەن قوتابیانی قۆناغی چوارەم (زینب عبدالخالق خطاب و لقاء فریدون جرجیس) پێشکەش کرا دەربارەی مەشقی هاوینەیان بوو بۆ ماوەی مانگێک لە وڵاتی مصر ئەنجامیاندا. گرنگی ئەم وۆرکشۆپە بریتی بوو لە چەند ڕێنماییەک بۆ ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بازاڕی کار و بە تایبەتی لە بواری پزیشکی و هاوبەشی و هاوکاریکردن لە نێوان ئەکادیمیا و بواری کار بە شێوەیەکی کارامەیی. هەروەها پەرەپێدانی کارمەندی شارەزا بۆ بەرهەم هێنانی کاری زانستی و نوێکاری و باشترکردنی لایەنەکانی خزمەتگوزاری پزیشکی و دابینکردنی ڕێگای



گەشەی پیشەیی بۆ بەشداربووان. بەمەش هەماهەنگکردنی کارەکان لە نێوان بەشە جیاوازەکان و بەکاربردنی ڕێنماییە نوێکان بۆ بەهێزکردنی سیستەمی مەشقی هاوینە بوو.



## چالاکی نۆزدەیەم/ وۆرکشۆپی چوارەم

Climate Fluctuation and Drought

لەبەرواری ١٧ /٢٠٢٥/٤ لە ڕۆژی ژینگەی کوردستان بە هەماهەنگی بەشی زانست و تەندروستی ژینگە و فەرمانگەی ژینگەی هەولێر و لیژنەی چالاکییە زانستییەکانی کۆلێژی زانست، ئەم وۆرکشۆپە بە سپۆنسەری کۆمپانیای (لاندڤین بۆ خزمەتگوزاری ژینگەیی) لە کۆلێژی زانست - زانکۆی سەلاحەددین بەسەرکەوتووی بەڕێوەچوو. لە کۆتایی وۆرکشۆپەکە هەڵمەتی چاندنی نەمام بەڕێوە چوو ئەمەش بە مەبەستی ژینگەپارێزی و زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی لە کۆلێژەکەمان ئەم وۆرکشۆپە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن گۆڕانی شێوازی کەش و هەوا و وشکە ساڵی کاریگەری لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و کشتوکاڵ و بژێوی ژیان هەیە .



## چالاکی بیستەم/ ڤیستیڤاڵ

دووەمین ڤیستیڤاڵی زانستی و ئەکادیمی کۆلێژی زانست، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر لە ٢٠٢٥/٤/٢٢ لە ژێر چاودێری بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین (پ.ی.د.کامەران یونس حمدامین) و بە سەرپەرشتی بەڕێز ڕاگری کۆلێژی زانست (پ.د.عبدالكريم ياسين كريم) و بە ئامادە بوونی و یاریدەدەری ڕاگر و میوانان و ژمارەیەک لە مامۆستا و قوتابیانی ئەم کۆلێژە،دووەمین ڤیستیڤاڵی زانستی و ئەکادیمی کۆلێژی زانست بەڕێوەچوو .
ڤیستیڤاڵەکە چەندین چالاکی لەخۆی گرتبوو لە چەندین تەوەرەی هەمەرەنگ پێکهاتبوو.



.

## چالاکی بیست و یەک/ سیمیناری سیانزەیەم



## دۆزینەوەی هەلی کار

که لەلایەن بەرێز (م. مصطفى هونەر محمد) پێشکەش کرا لە بەرواری ٣٠-٤-٢٠٢٥ لەم سیمیناره ئامادەبووان ئاشنا بوون بە چۆنییەتی دروستکردنی ئیمێڵێکی پرۆفیشناڵ کە پێویستە هاوتا بێت لەگەڵ پیشه.

- چۆنییەتی دروستکردنی سیڤییەکی پرۆفیشناڵ و پێشکەشکردنی بە شێوازی جیاواز.
- ئامادەکاری بۆ چاوپێکەوتن و کومەڵێک ڕێنمایی لە کاتی چاوپێکەوتندا نزیکەی ١٣٠ کەس لە مامۆستایان و قوتابیان بەشداربوون.

## چالاکی بیست و دوو/ سیمیناری چواردەیەم



## پەرەسەندنی بەڕێوبردنی ستراتیژی نەوت و گاز و گرنگی ئابووری لە کوردستان

لەبەرواری (٥-٥-٢٠٢٥) لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست لەلایەن بەرێز دکتۆر (مهدی خيری اسود) پێشکەش کرا بەرێزیان لە بەشی زانستی زەوی و نەوتن لە کۆلێژی زانست.

## چالاکی بیست و سێ/ سیمیناری پانزەیەم




## ئەرد هەژین: هێزه سرووشتییەکان شێوەی زەوی و ژیانی مرۆڤ دەگۆڕن

ئەم سیمیناره لە لایەن بەرێز دکتۆر (حربى أنور محمد) مامۆستا لە بەشی زانستی زەوی و نەوت لە کۆلێژی زانست لە بەرواری ٢٠٢٥/٥/٧ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست پێشکەش کرا سیمینارەکە باس لە هەژین و هێزه سرووشتییەکانی کرد، بەشداربووان سودمەند بوون لە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوه سروشتییەکان و خۆپاراستنی ژیان و ڕووحی خۆیان.

## چالاكی بیست و چوار/ وۆرکشۆپ پێنجەم

### وۆرکشۆپی دەزگای متمانە بەخشین بە پرۆگرامەکان و دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ناسراو بە (KAAE) وە ئاشنا بوون بە پێوەرە بنەڕەتییەکانی دەستەکە



لە بەرواری ٣/ ٦/ ٢٠٢٥ لە هۆڵی کۆنفرانسی بەشی ماتماتیک لە کۆلێژی زانست پێشکەش کرا لە لایەن بەڕێزان (پ.ی.د. شیدا انور کاکل) وە (د.ئەندام علي مصطفى )

ئەم وۆرکشۆپە گرنگی زۆری هەبوو لەسەر ناساندنی دەزگای متمانەبەخشین بە پرۆگرامەکان و دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان (KAAE) و ڕوونکردنەوەی پێوەر و بنەڕەتییەکانی کار و پلانی ستراتیژی دەستەکە .بۆیە ئەم وۆرکشۆپە کاریگەری هەبوو لە بەرزکردنەوەی کوالێتی پەروەردە و زانست و هەماهەنگکردنی پرۆگرامەکان بە ستانداردە نێو دەوڵەتییەکان و دابینکردنی متمانە بۆ کۆمەڵگە و کۆماری تایبەتی و حکومی.




لەگەڵ ئەوەش، ئەم وۆرکشۆپە یارمەتیدەرە بۆ:

*زانینی پێوەرە بنەڕەتییەکان و ئامانجە سەرەکییەکانی KAAE.

*هاوبەشکردنی زانیاری نێوان دامەزراوە ئاکادیمییەکان بۆ پەیوەندی دروستکردن بە.KAAE

*بەرزکردنی شارەزایی ئەکادیمیک و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و کارمەندانی زانکۆ و پەروەردە.

*بەرەوپێشبردنی متمانە و بەهێزکردنی بنەماکانی کوالێتی لە زانکۆ و بەرهەمە پەروەردەییەکان.

## چالاكی بیست و پێنج و بیست و شەش/ دوو کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی

یەکەمین کۆنفرانس لە ژێر ناونیشانی (چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەکارهێنانی ماتماتیک (FICMA2025)کە لە ٢٢ – ٢٣/ ٥/ ٢٠٢٥.

هەروەها دووەمین کۆنفرانس لە ژێر ناونیشانی (گەڕان لە نێو ژمارەکان ) کە بە هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی CIMPAوRNTA ماوەی ١٨–٢١/٥/ ٢٠٢٥ لەژێر چاودێری بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێری پایتەخت بەڕێوەچوو.

بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی چالاکییە زانستیەکان چەند ئەرکێکیان پێ سپێردرابوو وەک تیمێکی ڕێکخەر لە هەر دوو کۆ نفرانسی زانستی نێودەوڵەتی لە بەشی ماتماتیک کۆلێژی زانست زانکۆی سەلاحەددین .



*سەرەرای ئەمە چەندین چالاکی تر ئەنجامدرا وەک پێشکەشکردنی ڕێزلێنان بە: (سەرۆک بەش ، بەرپرسی یەکەکان، سەرۆک لیژنەکان و مامۆستایانی بەشدار )لە فیستیڤاڵی دووەمی کۆلێژی زانستی لە ڕێککەوتی ٣٠/ ٦/ ٢٠٢٥.

* هەروەها ڕێزلێنان پێشکەش کرا بە قوتابیانی بەشداربووی دووەمین ڤێستیڤاڵی زانستی و ئەکادیمی کۆلێژی زانست - زانکۆی سەلاحەددین لە لایەن (دەزگای ڕۆانگە) لە بەرواری ٢٩/٥/ ٢٠٢٥.

*ڕۆژی ئالای کوردستان لە بەرواری ٢٠٢٤/١٢/١٧ و پالەوانێتی هزری بایۆلۆجی لە بەرواری ٢٠٢٥/١/١٩ لە لایەن قوتابیان بەڕێوەچوو.

*هەروە ها دوو وۆرکشۆپی تر کە لەلاین بەشی کیمیا و بە شی کۆمپوتەر لەژێر ناونیشانی (داهاتووی شێرپەنجە ، هۆشیاری و کردار). لە بەرواری ١٢/ ٥/ ٢٠٢٥

*ڕۆڵی زانایانی کۆمپیوتەر لە داڕشتنی داهاتوودا ٢١/ ٢٠٢٥/٤

## سوپاس پێزانین

**سوپاسی تایبەت بۆ سپۆنسەرەکانمان، کە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم چالاکیانە بوون کە لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥دا  لە کۆلێژی زانست ئەنجام درا.**